


# ٢٠١٢

## کۆتایی جیهان نییە، بەڵکو وێرانبوونێکی سەرتاسەرییە
## گەڕانەوە بۆ تۆفانەکەی سەردەمی نوح و کەشتیی رزگاریی
## دایکی هەموو فیلمەکانی کارەسات

جەمیل عەلی

## سەرەتا:

مـاوەی چەند سالێکە لـە سایەی کرانەوەی کوردستان بە رووی کەناڵ و میدیاکانی جیهان و ئاشنا بـوون بە بەرنامەی هونەر و سینەما و خستنەرووی ریزبەندیی خواست و ئـارەزووی بینینی فیلمەکان لە هۆڵەکانی سینەما کە زۆر جار بە (بۆکس ئۆفیس) ناو دەهێنرێن لەپاڵ هاتنە ناوەوەی سی دی و دی ڤی دی کۆپییکراو و رەسـەن بە شێوەی قانونیی و ناقانونییدا و لە هەموویان گرنگتر ، ئەگەرچی رەنگە کەمتر کاریگەر بێت ، هەوڵ و پەرۆشیی و ماندوو بوونی هونەرمەندان و شانۆکاران و شەیدایانی هونەری حەوتەم بۆ سازکردنی شەو و ئـێـوارە سـیـنـەمـایـیـەکـان لـەگـەڵ رەوگەبەستنی کەناڵەکاندا بۆ بەکوردیی کردن و ژێرنووسکردن، گـەران بەدوای شاکارەکانی کۆن و نوێی سینەمای جیهانیی و ناسینی دەرهێنەر و ئەکتەرانی بـەشـداربـووی فیلمەکان وهەڵگرتنی کۆپییەك لەو فیلمانە لە خانەی سینەمایی نێو کتێبخانە و ژووری ئارەزوومەندانی جیهانی سینەمادا بووەتە دیاردەیەکی تێبینیی کـراو کە ئومێدی ئـەوەی لێ دەکرێت نـەوەی نـوێ بە پاڵپشتیی و رێنمایی وپەرۆشیی کەسانی خـاوەن تەمەنی زیاتر و ئەزموون و باکگراوندی دەوڵەمەندتر بەرەو تێکەڵ بوون لەگەڵ دنیایەکی پـڕ لە ئەفراندن و پەیام و ئـەنـدێـشـە و لایـەنـێـکـی کـاریـگـەر لە نەخشاندنی ئاستی رۆشـنـبـیـریـی و چێژوەرگرتن و پەرەپێدانی کەسایەتیی برۆن کە سینەمای جیهانییە لەو پەڕی رۆژهـەڵاتـەوە بۆ ئـەو پـەڕی رۆژئـاوا و لەسەروویانەوە (هۆلیوود ) کە دڵی زیندوو و پایتەختی سینەمای جیهانە.

## ۲۰۱۲ : بوومەلەرزەی سینەمایی

دەتوانین بڵێین یەکێك لە هەنووکەیی ترین بەرجەستەکردن بۆ ئەو راستییەی باسکرا ، پەرۆشیی بـە تـین و تـاوی شەیدایانی سینەما و فیلمەکانیەتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بینین وخۆشیی وەرگـرتـن وباسکردنی فیلمی (۲۰۱۲) وشیکردنەوە و دەستنیشانکردنی پەیامە پەنهان و ئاشکراکان،جوانترین گرتە و دیمەنەکان ، کاریگەرترین دیالۆگ وئـامـاژەکـان، موزیك و گۆرانییەکان، کاریگەرییە وێنەیی و دەنگییە سەرنج راکێشەکان ، دیـاریـی کردنی کـەم و کورتییەکان،خستنەرووی خاڵە لاوازەکانی نێو سیناریۆ و دەرهێنان و لایەنەکانی تری ئەو فیلمە کە وەك زەمینلەرزەیەك رووی کردە هۆڵەکانی سینەمای جیهان و لەم ژمـارەیـەی گۆڤاری خاکیشدا ئەم پانتاییە بچووکەی داگیرکردووە بۆ ئەوەی گەشتێك بکەین بە نێو هەندێك وێستگەی بەرهەمەکەدا.

## بەرهەمهێنان : سیناریۆیەکی غەیبیی و خەونێکی دێرینی ئێمێریك

تایتلی ئەم فیلمە کە چوار ژمارەیە و هیچی تر، دەکاتە ساڵێکی رۆژژمێری باوی جیهان کە زایینییە و سێ ساڵی تر پـێـی دەگـەیـن بـۆیـە رووداوەکـانـی رەنگدانەوەی سیناریۆیەکی غەیبییە بۆ مرۆڤایەتیی و چارەنووسی گۆی زەوی، کە هەموومان هیواداربن ئاییندەبینییەکی (prophesy) پەیامبەرانە نەبێت و راست دەرنـەچـێـت.زەمـیـنـەی زانستیی ئەو سیناریۆ ترسناك و پڕ لە کارەساتە، زادەی نوسینی (گراهام هانکۆك)ــە کە لە پڕفرۆشترین کتێبی واقعیی (ناخەیاڵیی - non- fiction)ــــدا بـە نـاوی (جێ پەنجەکانی خواوەندەکان- Fingerprints of the Gods) بڵاویکردەوەو بووە ئیلهام بەخشی فیلمەکە.

(Roland Emmerich) کە دەرهێنەری فیلمەکەیە و پێشتر فیلمەکانی The Day after Tomorrow)



Independence Day، Godzilla، The Patriot)ی دەرهێناوە، لە بارەی دەستخستنی ئەو ئیلهامە لە کتێبەکەی گراهامەوە لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری Time Out)ی لەندەنییدا دەڵێت: «هەمیشە ویستومە فیلمێك لەسەر تۆفانێکی ئینجیلییانە بکەم بەڵام هەرگیز هەستم نەکردووە بەوەی چنگم لە هیچ گیربووە. من سەرەتا لە کتێبەکەی گراهام هانکۆکدا تیۆری لەجێچوونی توێکڵی زەوی(Earth>s Crust Displacement Theory)م خوێندەوە.

پێش بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە هەریەك لە (رۆلاند ئێمێریك)و (Harald Kloser) کە دانەری مۆزیك وبەرهەمهێنەرێکی فیلمەکەیە پێکەوە سیناریۆیەکی تێرو پڕیان نووسیی بەناوی ٢٠١٢ وە کە لە شوباتی ٢٠٠٨دا رەوانەی (کۆمپانیاکانی فیلمسازیی) یاخود ستۆدیۆ مەزنەکان کرا. بە نزیکەیی هەموو ستۆدیۆکان لەگەڵ ئێمێریك و نوێنەرەکانی کۆبوونەوە بۆ زانینی خەملاندنەکانی دەرهێنەر بۆ بودجەکە و پلانەکانی بۆ چیرۆکەکە، ئەو پرۆسەیەش بۆ ئێمێریك تازە نەبوو چونکە پێشتر بۆ فیلمەکانی Independence Day و The Day After Tomorrow) بەهەمان پرۆسەدا رۆیشتبوو. هەر لەو مانگەدا کۆمپانیای Sony Pictures Entertainment مافی بەدەستهێنانی سیناریۆکەی بۆ خۆی برد و پلانی دانا بۆ ئەوەی لە سایەی Columbia Pictures دا بڵاوی بکاتەوە و بەکەمتر لە بودجە خەملێندراوەکەش بەرهەمی بهێنێت. بە وتەی ئێمێریك سەرەنجام فیلمەکە بە بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بەرهەم هێنرا.

لە بنەڕەتدا وادانرابوو کە وێنەگرتنی فیلمەکە لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٨دا لە لۆس ئەنجلس بێت بەڵام لە جێی ئەوە لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا لە شاری ڤانکوڤەر دەستی پێکرد و لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ دا تەواو بوو.

کاریگەرییە وێنەییەکان، کە وەك بینەران دەزانن یەکێکە لە سەرنج راکێشترین خەسڵەتەکانی ئەم فیلمە وجێی ستایشی پسپۆڕان و رەخنەگرانیش بووە ، کاری شارەزایانی کۆمپانیاکانی Uncharted Territory ،Digital Domain, ,Double Negative, Scanline Sony Pictures Imageworks )ـن.

## مۆدێلی کارەسات
## پێکهاتە باوەکانی ئەم جۆرە فیلمانە

بە بڕوای شارەزایانی تایبەتمەندی فیلمسازیی ،٢٠١٢کە ماوەکەی ٢ سەعات و ٣٨ دەقیقەیە ، هەموو پێکهاتە باوەکانی فیلمەکانی کارەساتی تێدایە : زانایەکی پەرۆش زانیاریی مەترسیدار کۆدەکاتەوە ، کۆمپیوتەر ئیش دەکات و ئامێرێکی پێشکەوتوو بەکاردەهێنرێت کە دەنگێکی سەیروسەمەرەی لێوەدێت(وادەردەکەوێت بۆ جوڵەی نیوترۆنەکان بێت). بیرۆکراتەکانی نێو حکومەت خەمسارد و دوودڵن لەوەی بڕوا بکەن بە بەدیهاتنی ئەو رووداوە پێشبینیکراوانە. خەڵك دەڵێن (ئەوە مەحاڵ و ئەستەمە). شارستانیی و کلتورێکی دێرین (رۆژژمێری دێرینی شارستانییەتی مایا کە دەڵێت جیهان لە ٢٠١٢/١٢/٢١ کۆتایی دێت) پێشبینیی ئەو رووداوانەی کردووە. بەهەمان شێوە کەسێکی بەدگومان لە تیۆری پیلانگێڕیی (موئامەرە)ش بەدووری نەزانیوە شتێکی وا رووبدات. کارەساتەکە چاکە و خراپەی ناو مرۆڤەکان هەڵدەماڵێت. یەکێك دەڵێت « وام زانی کاتی زیاترمان ماوە ». هەمان ئەو دە دوانزە کەسەی لەبەرچاودان بەرەو یەکتری رادەکەن.

## وێرانبوونی سەرتاسەریی
## کەعبە نەرووخاوە و کاتی
## رۆمانسییەتیش ماوە

فیلمەکە دارمان و وێران بوونی چەند ئایکۆنێکی کلتووریی و مێژوویی مەزن لەسەرتاسەری جیهاندا دەخاتەروو هەر وەکو ئێمێریکیش ئاشکرای کردووە بیر لە (کەعبە)ی پیرۆز کراوەتەوە بەڵام کلاوزەر وورییایی نواندووە لەوەی کەعبەش بخرێتە ریزەوە بەوەی وتویەتی کە نایەوێت فەتوایەکی لەدژ دەربکرێت. هەموو جیهان لەمەترسیدایە کەچی هێشتا کاتمان هەیە بۆ تۆزێك رۆمانسییەت و هەندێك وانەی پڕکاریگەریی دەربارەی بایەخی خێزان. کاتێکیش شتەکان بە راستیی خراپ دەبن دەنگ و هاواری بەرزی کۆرسێکی فریشتەئاسا لەگەڵ مۆزیکی فیلمەکەدا رێ دەکات.

## بڵاوکردنەوە: وادەیەکی گونجاو و سەدان ملیۆن دۆلار داهات

بەپێی پلانی سەرەتایی کۆمپانیای دابەشکاری فیلمەکە وادانرابوو کە نمایشکردنی ٢٠١٢ لە سینەماکاندا لە



ڕۆژی ١٠ی تەمموزی ٢٠٠٩ دا بێت بەڵام ئەو وادەیە دواخرا بۆ مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ بۆ خۆدەربازکردن لە خشتەی جەنجاڵی هاوین و چوونە نێو کاتێکی ترەوە کە بەلای کۆمپانیاکەوە چانسێکی باشتری تێدایە بۆ سەرکەوتنی دارایی چونکە بەپێی ڕاگەیاندنی کۆمپانیاکە دەکرا فیلمەکە بۆ نمایشکردنی لە هاویندا تەواوبکرایە بەڵام وادە تازەکە کاتێکی زیاتری دەبەخشی بۆ بەرهەمهێنانەکە. بەوەش بڵاوکردنەوەی فیلمەکە کەوتە ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمەوە. لە مالیزیا ١٢ی تشرینی دووەم بووە ڕۆژی یەکەم نمایشی فیلمەکە. دوو ڕۆژ پاش ئەو وادەیەش لە وڵاتانی سوید و کەنەدا و مەکسیك و ئەمریکا و هند نمایشی یەکەم دەستی پێکرد و لە ژاپۆن یەکەم نمایش لە ٢١ی ئەو مانگەدا بوو. لە بەریتانیا دوو سینەما و لە ئیماراتیش بیست هۆڵی سینەمایی کاتی نمایشکردنی فیلمەکەیان خستە سەعات هەشت و دوانزە دەقیقەی شەوەوە کە دەکاتە ( ٢٠:١٢ ) بۆ ئەوەی هاوشێوەی تایتلی فیلمەکە بێت،هەرچەندە فیلمەکە بارێکی قورس و گران دەخاتە سەر دڵ و دەروونی بینەران و وێنەی چارەنوسێکی ترسناکیان بۆ دەکێشێت ، بەڵام لەسەر گیرفانیان سوك و هەرزان بووە و پڕاوپڕ بەشایستەی ئەو پارەیەی دەزانن کە بۆ بینینی خەرجیانکردووە. لە ئەنجامی ئەو پەرۆشیەی بینەرانیشەوە بۆ ئامادەبوون لە بەردەم شاشەی زیوینی سینەمادا ، ٢٠١٢ دەیان ملیۆن دۆلاری لە هەفتەی یەکەمی نمایشیدا بەدەستهێنا بەجۆرێك لەیەکەم هەفتەدا لە ئەمریکا پلەی یەکەمی هێنا بەکۆکردنەوەی ٦٥ ملیۆن دۆلار و ٢٢٥ ملیۆنیشی بەدەستهێنا لە سەرتاسەری جیهاندا. تا ڕۆژی شەشی مانگی ڕابردووش فیلمەکە ١٤٨,٩ ملیۆنی لە بازاڕی ناوخۆ و ٥١٧,٥ ملیۆن لە بازاڕی نێودەوڵەتییدا کۆکردەوە کە دەکاتە زیاتر لە ٦٦٦ ملیۆن دۆلار بەوەش سەرکەوت بەسەر فیلمە پڕ لەکارەساتەکەی پێشتری ئێمێریکدا The Day After Tomorrow کە ٥٤٤,٤ ملیۆن دۆلاری لە جیهاندا کۆکردەوە.

ڕۆژی نەهامەتیی : تۆفانی نوح و کەشتیی ڕزگاریی (ئەمریکا بگەرە فریاد)

هەر کەسێك ئەو فیلمەی بینیبێت دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دەرهێنەری فیلمەکە چیرۆکی تۆفانەکەی سەردەمی حەزرەتی نوح و کەشتیی ڕزگارییەکەی بە شێوازێکی هاوچەرخ دەگێڕێتەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیشی نییە لەگەڵ فیلمەکانی تری ئەم ژانرە لەو ئاراستەیەدا کە ئەمریکا و سەرۆکەکەی و زاناکانی و سەرچاوە و توانای سەربازیی و تەکنەلۆژییی و مرۆیی ئەو وڵاتە دەکاتە فریادرەسی مرۆڤایەتیی بەگشتیی ئەگەرچی لە هەندێکیشیاندا سەرۆك وەك هاووڵاتیانی تر گیان لەدەستدەدات.بەڵام جیاوازییە گەورەکەی لەم فیلمەدا بەدیی دەکرێت ئەو هەموو دیمەنە ترسناکەیە کە لە ٢٠١٢ی سینەماییدا بەسەرجیهاندا دێت و زۆربەیان دەچنەوە سەر ئەو وەصف و هەڕەشە و ووریا کردنەوانەی کە کتێبە ئاسمانییەکان لە باسی کۆتایی هاتنی ژیانی دونیادا دەیکەن. هەر بەهۆی ئەو دیمەنانەشەوە هەریەك لە بوس ئبێرت و کلۆدیا پویگ لە ڕۆژنامەی USA Today دا ناوی فیلمەکەیان ناوە (دایکی هەموو فیلمەکانی کارەسات).

## ٢٠١٣ جیهان کۆتایی نەهاتووە و ژیان هەر ماوە

هەرچەندە بیروباوەڕە ئاینییەکان پێمان دەڵێن کە لە کۆتایی جیهاندا هیچ مرۆڤ و گیانلەبەرێك بە زیندوویی نامێننەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێنەوە بەڵام ئەم فیلمە ئەو باوەڕە بەهێزەی تێپەڕاندووە و ژیان و ڕزگاربوونی لە ڕۆژگارە سەخت و پڕ لە مەرگ و زەمینلەرزە و لافاو و ڕۆچوونی شار و شارۆچکەکانی ٢٠١٢ دا بەخشیوە بە چەندین کەس کە بەخت یاوەریان دەبێت بۆ گەیشتن بە (کەشتییەکەی نوح).

ڕەنگە ئەمەش قازانج بەخش بێت بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیی بەوپێیەی ئێمێرێك لە لێدوانیدا بۆ هەفتەنامەی Entertainment Weekly دووپاتی کردۆتەوە کە کار لەسەر زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنیی بنیاتنراو لەسەر فیلمەکە دەکات. ئەو زنجیرەیە کە درێژەپێدانێك دەبێت بە چیرۆکی فیلمەکە باسی گروپێك لەڕزگاربووان دەکات کە لە ٢٠١٣ دا دەژین بەوەش کەمێك لە ترسەکانمان دەڕەوێتەوە و هیچ نەبێت دەزانین کە لە جیهان دوای ٢٠١٢ هێشتا ماوە و ژیانی مرۆڤایەتیی جارێکی تر بەردەوام دەبێت.

